# رۆژانە ئەبێ چەند كەس لە ژێر ئالآی پیرۆزی كوردستان لە دایك بن و چەندیش بمرن ؟!!

## سمكۆ عەبدولكەریم

من هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەوانەدا نابێنم كە لـە بەرامبـەر سـروودی نیشـتمانی عـیراق یـان كوردستان هەڵنەستانەوە، ئەوانەش هیچ كە تەنیا سوێندیان بە كوردستان خواردو و ئەوانـەش كە سوێندیان بە كوردستانی عیراق خوارد ، چونكە هیچی ناكاتە رزگاركردنی گیانی منداڵێكی رووگەش چ ئەوانەی لە ئەنفال ، یان ئەوانەی لە مـەرگی كیمـاویی رزگاریـان بـوو ،و ئێسـتا بـە دەست چەندین نەخۆشی جۆراو جۆر دەناڵێنن ، یان ئەوانەی بەهۆی دەست كورتییەوە رۆژانە لە سەر روپەڕی رۆژنامە و كەناڵەكانی راگەیانـدن بانگـەوازیان بـۆ بـلاَو دەكرێتـەوە بـۆ ئـەوەی خێرخوازان بەهانایانەوە بچن ،زۆر گوناهە حكومەتێك كە هەموو هێزی خۆی خسـتۆتە كـار لـە دژی هەڵكردنی ئالآی عیراق ، بەلاَم لەخۆی رانابینێ و بەكاری خۆی نازانێ بە هانای گیانی ئەو منداڵەوە بچێ، كە بەتەنیا دەرزییەك كە لە كوردستان بەدەست ناكەوێ دەكرا گیانی لە مـردن رزگار بكرێ ، رۆژانـە ئـەبێ چـەند منـداڵێ وا لـە ژێـر ئـەو ئـالآ پـیرۆزە و لـە پـەراوێزی قسـەو نووسینە قەبە قەبەكانی نووسەرانی ئێمە هاوشێوەی (كۆڤان) گیان بسپێرن ، من كـاتی خـۆی زۆر فشەم بە قسەی ئەو برادەرانە دەهـات كـە دەیـانگووت: چەوسـانەوەو رەزالـەت هـەر یـەك شتە چ بە دەستی دوژمنەكەتەوە بێ یان بە دەسـتی براكەتـەوە بـێ ،ئێسـتاش زۆر فشـەم بـە قسەی ئەو سیاسی و نووسەرانە دێ كە سەرو بنی قسەیان ئەوەیە ( هەولێری هۆلاكۆ بـەزێن ) كە ئیستاش نازانم هۆلاكۆ لە كوێ هەولێر بەزیوە ، بەلاَم فشەم بەوەی نـایێ كـە هـەموو ئـەو فشە فشـەی منـیش ناكاتـە موچـەی مانگانـەی ئەنـدام پەرلـەمان ،یـان وەزیرێكـی ولاَتـە سـێ شـاریەكەم ، كـە بـە پـارەی كـۆن مانگانـەی سـافیان لـە(30) هـەزار دینـاری سویسـری بـە سەرەوەیە، ئەو چەند رۆژە ئەوەی تووشم دەبوو دەیگـووت: یـەللا خێـر ئـەو پشـتێنە چـییە كردۆتە ملت ، منیش دەمگووت وەڵلا هی بلێم چـی بـەخۆت دەزانـی كابرایـەكی كاسـە لێسـوو ملشۆڕی وەك و من كە هەمیشـە لـە بـەر دەرگـای بەرپرسـان خـەریكی ماسـتاو سـاردكرنەوەو دەرۆزەكردنم ،هێندە سەرم بۆ دانەواندون تووشی نەخۆشی مل شۆڕی هاتووم ،